کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
2-8-2007 0:24 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بەراورد کاریەک لەنێوان کورد وەئیسرائیلدا!!! ... فواد**

هۆڵەندا

من زۆر دەمێکە دەزانم کەکورد دەستی لەهەموو مافەڕەواکانی خۆی هەڵگرتوە، ئەمەش هەر قسەی من نییەبەڵکوو مێژوو ئەوەدەسەلمێنێت...



ئەگەر سەیری ڕابردووی خۆمان بکەین کەلەسالانی جەنگی جیهانی یەکەم تا ئێستا کورد وەکو نەتەوەیەکی 30 ملیۆنی چی بەدەست هێناوە؟؟ وەئەگەر سەیری وڵاتانی دراوسێ بکەین یان وڵاتانی ئە فریقی کەتا ئێستاش زۆربەیان پۆشاک لەبەر ناکەن، سەیر دەکەین ئێمەهەر لەجێی خۆماندا لەناو قوراوی خۆ خۆری گێژەڵ دەخۆین.. هەموو ئەوڵاتانەی تر بونەخاوەن وڵات ئاڵا دەسەڵات مافی چارە نوس.. بەڵام تەنها ئێمەی کورد لەدوای دواوەتازە لەسەر ماڵپەڕەی ئەلکترۆنی شەڕەجوێن دەکەین... !!

زۆر بە داخەوە بۆ ئەو هەموو شەهیدانەی کەگیانیان بەخت کرد بۆ کوردوستان و بۆ ڕزگاری گەلەکەیان.. بەڕاستی جێگەی داخەگەلێکی وەک گەلی کورد ئەمەندەزوڵمی لێکراوەبەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهەموو شتێکی بێگانەڕازیە، بەڵام ئامادەنیەهیچ ڕۆحێکی لێبوردنی هەبێت بەرامبەر بەهاوزمانکەی یان پارتەکەی.. بەڵام ئامادەیەهە میشەدوای کوشاترێکی زۆر لەلایەن دوژمن دەست بخاتە ناو دەستی هەر وا بزانێت کەهیچ ڕوی نەداوە.. هەر وا بزانێت کەمێژوو هەمووی درۆ و ئەفسانەیە..

ئەگەر بێت و ئێمەبەراورد کاری بکەین لەبەینی کورد وە ئیسرائیل چی دەبینین؟

کورد، هەمیشەکاری کردوەبۆ ڕازی کردنی بێگانەوەبەرژەوەندی تاک ماددی یان سیاسی.

ئیسرائیل، هەمیشەکاری کردوەبۆ پاراستنی خاکی ئیسرایل بەگشتی بۆ گەلی ئیسرائیل.

کورد، همیشەبەپارەکرڕاوەلەلایەن بێگانەیان وڵاتانی هاوسێ بۆ مافی تاکەکەسی وەبۆ ئێشی سیخوڕی.

ئیسرائیل، هەمیشەبێگانەی کڕیوەبۆ پاراستنی خاکی ئیسرائیل.

کورد، هەمێشەکەدەسەڵاتی هەبێت دەیەوێت نیشانی بدات ئازادی خوازە.

ئیسرائیل، دەسەڵاتی هەبێت دوژمنەکەی لەناو ماڵی خۆی دەکوژێت.

کورد، دەڵێت باوڕمان بەتۆڵەنیە، هەرچەند ەدوژمن بەخوێنی سەرمان تینوەوەلەناو خاکی خۆمان تیرۆرمان دەکەن.

ئیسرائیل، دەڵێت هەرکەس دەستی هەبێت لەکوشتی جولەکەیەک دەبێت سزاکەی بدات. هەرچەند لە وڵاتی خۆیان سزای لەسێدارە دان نیە..

کورد، ئێستا ئامادەیەبۆ پارەو دەسلات ئەوەشی بەدەست هاتوەلەدەستی بدات..

ئیسرایل، ئامادەیەهەموو پاری جولەکەمەسرەف بکات بۆ پارێزگاری کردن لەوڵاتەکەیان..

کورد، ڕێز لەجاش و خۆفرۆش دەگرێت وەسزای نادات ئەگەرچی یاریدەدەری ئەنفال بوو.

ئیسرائیل هەموو خیانەت کارێک سزا دەدات هەرکەسێک بێت...

ئەمەچەند نمونەیەکی سادەبوو کەناوم برد، بەڵام ئەگەر ئیمەبێین سەیرێکی مێژوو بکەین وەپێیدا بچینەوەچی دەبینین؟

لام من مێژوو مانای دەرس وەرگرتن لەهەڵەی باو باپیرانمان، بەڵام وا دیارەئێمەتا دەستمان نەسوتێت باوەڕ بەگەرمی ئاگر ناکەین..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

2-8-2007 0:24 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لەبیدایەی دروست بونی ئیسرائیل لەدوای جەنگی جیهانی دووەم، بەزوو ترین کات محاولەیان کرد هەموو جولەکەبەهەر نرخێک بێت بیهێنن بۆ وڵاتەساواکەی ئیسرائیل.. وەئەوەشی کەخۆی ناهات دەیتوانی بەپارەیارمەتی ئەو وڵاتە ساوایەی ئیسرایل بدات بۆ دروست کردنی ئەو وڵاتەی کەئیمرۆ بەهەموو وڵاتانی عەرەب ناتوانن هیچ فزەیەک بکەن لەئاستیدا..

زۆر کەس هەیەدەڵێت کێشەی کورد وەکێشەی فەلەستینی یەکێکە.. ئەمەش بوختانەڕاستی مەسەلەکە ئەوەیەکەئیسرایل دروست بوو هاتن کەوتنەکڕینی خانوبەرە.. فەلەستینی کەوتنەفرۆشتنی خانوبەرە، چونکەنرخی خانوو کەچولەکەدەیکڕی زۆر زیاتر بوو لەوەی کەعرەب دەیکڕی.. کەواتەچولەکەخاوەنی ئیسرائیلەبەشرعی نەک وەک عرەب دەڵێت داگیرکراو... وەکورد وڵاتەکەی لێ زەوت کراوەلەلەیەن تورک و عەرەب و فارسەوەئەمەش دوو کێشەی یەکسان نین بەڕای من وەبەڕای هەموو کەسێکی ڕوناک بیر..

ئێمەی کورد ئێستا دەتوانین چەند کەسێک لەتاوانبارانی دژ بەمیلەتی کورد بدەینەدادگا وەمافی خۆمانیان لێ داوا بکەین وەتۆڵەی گیانی شەهیدان بسەنینەوە، خەڵکی ڕۆشن بیر ئێستا دژی ئەوەیەکە تۆمەتباران لەکوردوستان لەسێدارەبدرێن...

بەڵام ئیسرائیل بۆ یەک سەربازی خۆی 3500 لوبنای کوشت زیاتر لە80. 000 بێ ماڵ و خانوو بوو.. تا بتوانێت نیشانی دوژمنی بدات کەکەس ناتوانێت زەفەری پێ بەرێت وەگیانی سەربازێک زۆر نرخی زیاترەلەگیانی هەزاران عەرەب..

کورد ئەنفال دەکرێت، دەیەوێت بیان بورێت دەیەوێت عەلی کیمییای نەهێننەکوردوستان بۆ هەڵواسین..

ئیسرائیل بۆ بکوژانی یاری چیەئیسرایلیەکان لەئەلمانیا 7 ملیۆن دۆلاری دا بۆ تۆڵەسەندنەوەهەموو ئە و کەسانەی کوشتەوەکەدەستیان هەبوو لەو کارەتێرۆریستیەدا..

بەڵام ئێمەئێستا دوژمنی گەلەکەمان دێننەبەردەستمان بەبێ پارە، دەڵێین نامانەوێت ئێمەڕزگاری خوازین وەپیاو کوژ نین.. ئەمە بەڕای من ئەوەناگەێنێت کەئێمەزیرەکو سیاسی و بەتواناین.. تەنها ئە وەدەگەێنێت کەئێمەئێشتا زۆر جاهیلین وەچاک و خراپ لێک جیا ناکەینەوەڕاست و چەپی خۆمان نازانین.. لەبەر پارەکەس ئاگای لەکەس نەماوە بۆیەهەر لەبیدایەی نوسینەکەمدا داخم هەڵکێشا بۆ شەهیدان..

ئەمریکا و ئیسرایل بۆ دوژمانی خۆیان ملیارەها دۆلار سەرف دەکەن لەواشنتۆن دەچن بۆ تۆرابۆرا بۆ هەورامان لەئیسرائیل بۆ بێروت بەرلینی غەربی وە ئەرجەنتین، تورکیا دەچێت ئاپۆ دەفڕێنێت لەکیشوەری ئەفریقا، بەعس دەچێت لەبۆ نەمسا بۆ تێرۆر کردنی بەرێز مەسعود بەرزانی... ئێمەش بۆیان هێناوین وەک مۆزی پاک کواو نامانەوێت تەنها قوتیشی بدەین...

زۆر سەرم سوڕماوەلەئەقڵی کورد پێش ئەوەی بڵێن عەلی کیمیایی دینن بۆ هەڵەبجەهەموو دواکاری خەڵک ئەوەبوو عەلی کیمیای بهێنن بۆ هەڵواسین بۆ هەڵەبجە یان یەک دانیشتنی دادگایی لەهەڵەبجە بکرایە.. ئێستا ئەوان دەڵێن بیبەن هەڵی واسن کەچی ڕۆشن بیران نایانەوێت.. وا دەزانن هەڵواسین بە کارەبا دەکرێت وەکارەبا کەمەلەکوردوستان..

هەرچەند کەمێک لامدا لەنوسینەکی کەنیازم بوو بینوسم بەڵام من زۆر دڵم ژان دەکات بۆ ئەو گەلەوە ئێمەچۆن هەڵسوکەوت دەکەین لەگەڵ ناحەزانمان چۆن بتوانین وەڵامی دایکی شەهیدان بدەینەوەچۆن بتوانین وەڵامی مێژوو بدەینەوە.. تورکیا بەساغی داوامان دەکات بۆ هەڵواسین عراق بەکیمیایی ئێران بەتێرۆر لەناو خاکی کوردوستانی عراق.. سوریا بەعەرەبی هاوردە.. ئێمەش دڵمان گەورەیەو مافی مرۆڤمان لایەنامانەوێت دوژمنەسەر سەختەکانمان لای ئێمەهەڵواسن.. خۆزگەدەمزانی کورد چی دەوێت بێجگەلەپارەو عەرزە؟؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هیوادارم بەخۆماندا بچینەوەو بتوانین وانەلەڕابردوو وەرگرین وەڕەفتاری پێوەبکەین و هەڵەکانمان دووبارەو سێ بارەنەکەینەوە...
لەگەڵ ڕێزمدا بۆ خوێنەران.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.